www.kurdistannet.org
8-1-2007 16:52 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گلەیی ... هێمن ڕەئووف

http://www. hemnrauf. kurdblogger. com/



من وام نیازبوو
ئەگەر هاتم
ئەوەی دڵی تۆ بیخوازێ
گەر ئەفسانەی ئەم سەردەمە مۆدێرنەیش بێ
بە دیاری بۆتی بهێنم
بەتەمابووم
لە چاوتروکانێکدا
چەپکێ نێرگزی کوردستان
ئالەم بەفرانبارینەدا کۆکەمەوەو بۆت بهێنم
کەچی من تەنها
بینینی چاوەکانتم لێخواستی!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!
ئەویش هاتاکو بزانم
کانیی ئەو هەموو ئەسرینەی
لەگەڵ هەورا
باران و فرمێسک ئەرێژن
چەندە جوانە؟؟؟؟؟؟!!!!!!!!!
تۆ وتت.. نا؟!؟!
گلەیی بێ!!!!
لە بێئاگایی و بێهەستیت
بەڵام پرسیارێ شاجوانم؟!؟!؟!
ئێستا کێ مرۆڤە و کێ فریشتەی ئەفسانەیی؟؟
کێ غەمگینی ناو کاروانی هەژارانە و؟؟؟
کێ گریاوی ناو کۆڕی دڵدارانە و؟؟؟؟؟
کێیە چرای بێ ڕۆشنایی؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟
من هەر نێرگزت بۆ دێنم
دڵنیابە
ئەگەر نەمرم
ئەو بەڵێنەی شەوی پێشوو بەجێ دێنم
بەڵام ئەی فریشتەی دڵی ئەفسانەکان
دە پێم بڵێ
ئەوکاتانەی
لەسەر هەورە سپیی و دڵپڕەکان
سەمادەکەیت
وەک خۆت دەڵێیت

بۆ پاکی و بۆ جوانییەکان
لەگەڵ هەورا شیوەن دەکەیت
چۆن دڵت دێ
ئەم دڵە خەمگین و پاکەم بڕەنجێنی
من وامزانی
نەک وێنەیەک
ئێستا خۆت دێیت
لەناو دڵما دەبیتە پەیکەری ئەوین
ئێستا ئێرە، ئەم دڵەی من
دەکەیتە وێستگەیەک لە ڕاز
شیعر لە خوێنی جەستەی من دەخوڵقێنی
دە بڕۆ
بەڵام گەر هاتی
بەناوی ئەفسانەو پاکیی
بۆ من مەدوێ
دەنا ئەم دڵە بەد مەستەم
دەست بەرنادا لە ڕنینەوەی جەستەی خۆی
هەتا سبەی
خۆری ڕوناک لەمن هەڵدێ

---

2007 .01 .08